کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ببم بە نۆر ؟ !!



بەهارێکی تێپەڕیوە ....

کە تۆ ئێستا نیشانمی ئەدەی

ئاسمان وا لە مانگ و مانگیش وا لە ئەستێرە بێزار ئەبێ

باران هاوار ئەکاو ئەناڵێنێ

هۆۆۆ کوڕە خوێن تاڵەکە

چیدی نابمە ڕێڕەوەی تۆو ئەو ئاسمانەی خۆشت ئەوێ .

ئەو خۆرەی کە تۆ ئێستا بە دڵمی هەڵات ئەکەی

دێر زەمانە لام ئاوا بوو " من نامەوێ.....!

مەنزلگای ووشەکانت گۆڕستان نین
فیردەوسێکن . بەلاَم بۆ تۆ نەوەك بۆ من
باوەشی کورە لاوێکە . دۆست بە تۆو دوژمن بە من

ئیتر بۆ ؟ !
دلَت ئەکەیتە میوانێکی ناوەخت و
لە دەرگای مالَی کوڕ دۆزراوەیەکی پێ ئەدەی
داوا ئەکەی ..
لە زستانی سالَی تازەت لانەیەك بێت
لە ئێوارەی تەم و مژا چرایەك بێت

هەرگیز نەبووە ...
گولَی بەهار لە هەنگ زیاتر شیلەی بویَ
هۆۆۆ خەلَکینە .... موسولَمانان .... خوا پەرستان
کەستان دیوە لە فیردەوس بیَ و
نـــــوری بویَ ...........................؟.!

نور
سلێمانی شەوی 2007/12/26
Karzan_nor@msn.com